بە دڕێن هێرشکرایەسەر بنکەی سەربازی عەین ئەسەد

بە گوێرەی سەرچاوە میدیاییەکان، ئەمڕۆ هەینی 27ـی تشرینی یەکەمی 2023، بە دڕێن هێرشکراوەتەسەر بنکەی سەربازی عەین ئەسەد لە پارێزگای ئەنبار.

ئەمڕۆ بەرپرسێکی باڵای وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا (پنتاگۆن)، رایگەیاند، لەبەرامبەر هێرشەکانی ئێران و میلیشیا نزیکەکانیان، ئەمەریکا دوو پێگەی سەر بە سوپای پاسدارانی لە ڕۆژهەڵاتی سووریا لە ڕێگەی فڕۆکەی جەنگی ئێف16ـەوە بێردومانکرد.

ئاماژەی بەوەشکردبوو، هەردوو کێگا لەناوچەی (بوکەمال)ـی نزیك سنووری عێراق - سووریان، هێرشەکەش وەك وەڵامێك بوو بۆ هێرشەکانی ئەم دواییە گرووپە چەکدارەکانی نزیك لە ئێران، بەسەر بنکە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە عێراق و سووریا.

دوێنێ شەو لوید ئۆستن وەزیری بەرگری ئەمەریکا رایگەیاند، ئەمەریکا دوو پێگەی سەربازی کەماری ئیسلامی ئێرانی لە ڕۆژهەڵاتی سووریا بێردومانکرد.

ئەستن راشیگەیاند، هەرشەکان بە بەرگری لەخۆکردنە و وەڵامکیشە بە هەرشە بەردەوامەکانی میلیشیاکانی سەر بە ئێران.